# وەرن با قاقا بگرین !!

حیکمەت مەعروف
hmks7@yahoo.com

وەک چۆن لە نێوانی ژیان و مردندا هەناسەیەکی کورتە، ئاواش لە نێوانی پێکەنین و گریاندا پانتاییەکی یەکجار بچوک هەیە. ئێمەی مرۆڤ هەندێجار بۆ تەعبیرکردن لە خۆشییەک پێکەنین بە تەنها دادمان نادا و بەناچاری هانا بۆ گریان دەبەین، تا بە تەواوی تەعبیر لەو خۆشییە بکەین و ناویشمان ناوە گریانی خۆشی! هەندێجاریش کە خەمێک یان ناخۆشییەک خەریکە گۆشت و خوێنمان تێکەڵ بە ئێسک دەکات، بە تەنها گریان هێورمان ناکاتەوە و بێ ئەوەی هەست بە خۆمان بکەین، وەک مرۆڤێکی دەروون نەخۆش کە گریان و زەردەخەنە تێکەڵ بە یەک دەکات. لەوپەڕی گریاندا بەدەم سەر بادانەوە بزەیەک دەمانگرێ کە تەعبیری تەواو لەوناخۆشییە دەکات، یان بێ حەواس قاقا پێدەکەنین! کە پرسیاریشمان لێدەکەن لە هۆکاری پێکەنینمان دەڵێن لە داخدا پێدەکەنم!؟ کەم و زۆر هەمووەمان بەم دوو هەڵوێستە سەیر و ناشازەدا تێپەڕ دەبین یان بووین. ئەوەی من دەمەوێت باسی بکەم، دیسان تێکەڵکردنەوەی ئەو دووانەیە بە یەکدی و بە شێوەیەکی جیاوازتر لەوەی کە باسم کردن.



من دەمەوێت لە یەک کاتدا پێبکەنم و بشگریم بە حکومەتێک کە کابینەکەی لە 42 وەزارەت پێکهاتووە و داهاتەکەی لە 17% داهاتی عێراقە، کەچی بڕیارێکی بە چوار مانگ و چەند هەفتەیەک جێبەجێ ناکرێت؟!

لە بەرواری 03 / 12 / 2006 وە کە دەکاتە رۆژی جیهانی کەمئەندامان، سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم بڕیارێکی دەرکرد و ژمارە (13609) ی پێدرا. لەم بڕیارەدا هاتووە دەبێت هەموو دامودەزگە حکومی و شوێنە گشتییەکان رێوشوێنی تایبەت بە کەمئەندامان دروست بکەن، تا مرۆڤە کەمئەندامەکانی ئەم وڵاتە بە ئاسانی بتوانن هاتوچۆی دەزگە حکومی و شوێنە گشتییەکان بکەن، بەڵام لە چوار مانگ زیاتر بەسەر ئەو بڕیارەدا تێپەڕی کەچی گەر بۆ چاوەزاریش بێت تاقە یەک دەزگەی حکومەت ئەو بڕیارەی سەرەوەی خۆی، کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، جێبەجێ نەکردووە! گەر دەزگە و وەزارەتەکانی حکومەت خۆی بەو ماوە زۆرە بڕیارێکی حکومەتەکەیان جێبەجێ نەکردبێت، ئەی چۆن دکتۆرەکان قەناعەت پێدەکەن کە لە باڵەخانە چەند نهۆمییەکانیانەوە بێنەخوارێ! یان چی دەکەن تا ئەوانەی ئەپارتمانی چەند نهۆمی دەکەن بە ئاسمانی ئەم وڵاتەدا، کارێک بکەن کەمئەندامان و بەساڵاچووان و دەردەدارانی ئەم وڵاتە بگەنە ناو ئەم ئەپارتمانانە و کەلوپەلەکانی خۆیان بە ئارەزووی خۆیان بکڕن، نەک بە ئارەزووی کەسێکی تر کە دەتوانێ بچێتە سەرەوە.

لەبەر ئەوەیە نازانم کامیان بکەم، تا شاگەشگە بوون پێبکەنم یان هێندە بگریم تا لە داخدا دڵم دەتەقێ! ناچار بۆ گوزەرانی مرۆڤی ئەم وڵاتە و جیبەجێ نەکردنی بڕیارەکانی حکومەت قاقا دەگریم!

تێبینی: ئەم بابەتە لە ژمارە ( 17 ) ی رۆژنامەی واژام بڵاوکراوەتەوە.